سەید حەکیم: بەرژەوەندی گشتی لەدۆسێیە نیشتمانییەکان پێویستە بەپێش بەرژەوەندییە تایبەتەکان بکەوێت

بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت پێشوازی لە بەڕێز هادی عامری ئەمنیداری گشتی ڕێکخراوی بەدر کەوت و لەم دیدارە باس لە پێشهاتەکانی دۆخی سیاسی عێراق و ناوچەکە کرا و پالپشتی خۆی بۆ حکومەت بەرامبەر ڕکابەرییە ئابووری و دارایییەکان دەربڕی.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە گرنگە کێشەی چەکی دەرەوەی سنووری دەوڵەت چارەسەر بکرێت ئەویش لەڕێگەی لێك تێگەیشتن و گفتوگۆوە، هەروەها هەردوو لا جەختیان کردەوە لەسەر گرنگی گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ ناوچەکە و کۆتایی هێنان بە پەرەسندن و گرژییەکان.